# ئیتر دڵم ،
# لەتۆو لەژیان ... دائەخەم !

**هێمن حمە جزا**
hemnhamajaza@hotmail.com

چونکە دەزانم ..،
تاگەیشتن بەتۆ ،
فرسەتێك نامێنێ کەتیایدا بڵێم :
من ... ئاوازی تۆ بووم و
تۆش ... ئاوازی هیچ کەس !
ئیتر دڵم ،
لەتۆو
لەپەنجەرە ... دائەخەم !
گوێ شلکە ... چۆن دەڕوخێم !
گوێ شلکە ... چۆن هاڕە دەکەم و
چۆن ، هەرەس دێنم !
گوێ شلکە،
ئیدی من ، چۆن کۆتا ئەبم و
بشمبەخشە،
گەر کۆتاییەکی ، لەپڕبێت !
ئەی دڵ ..!
تۆ کەعادەتت ... بەخۆت و
بەشکان و
بەوەسوەسەوە گرتووە !
لێگەڕێ ،
جادە چۆن ... عەسرێك پیاسەمان پێدەکا !
باران چۆن ... ژنێك بەئیمانەوە ڕووت دەکاتەوە !
گۆرانییەك چۆن ... لەمەرگدا ، دەمانخوێنێتەوە !
ئیتر دڵم ،

لەتۆو
لەعەشق ... دائەخەم !
کچێك ،
کەهەمیشە لەگەڵ "با"کاندا ئەهات ،
دڵی پڕکردم ، لەچاڵی حەرف و
نەسیمی ، لەدەستەکانما شاردەوەو
سپێتی چاوانیشمی ،
بەو کتێبانە ڕەشکردەوە ،
کەهەرگیز ،
نەمن و
نەخوداو
نەدایکم ... نەماندەخوێندنەوە !
کچێك ،
کەلەدەنووکی پەڕەسێلکەو
گۆرانی پاسارییەکانەوە ،
دەکەوتە نێو ... خەیاڵ وزەینمەوە ،
بەردەوام دەیگووت :
مەراقت هەڵپەسێرە ،
بەدار زەیتوونی باخچەکەمانداو
بیر لەیەکەمین ڕامووسان و
لەدواهەمین تورەبوونی خۆت بکەوە ،
ئەو وەختانەی ،
لەشەرماو
لەتوڕەیدا ..
پڕ دەممان دەبوو ،
لەلاسکی گوڵەکان و
پڕ دڵیشمان ،
لەوێنەی خوساوو
بەجێماوی ... پاش یەکتری !
ئەو وەختانەی ،

بێئاگایانە ... بیرمان دەچووەوە لای تەنهایی و

دالغەشمان پڕدەبوو ،

لەو نوختانەی ،

کەلەکۆتایی هەموو ماچێکەوە داماندەنا ..

بۆ نەفرەت و

بۆ هەڵهاتن و

بۆ خودکوژی !

کچێك ،

کەلەمنداڵییەوە لەناو مندایەو

لەگەڵ داگیرساندنی هەرجگەرەیەکیشمدا ،

دێتەوە بەر ،

پەنجەرەی هاڕەکردووی زاکیرەم و

ئاوێنەی پارچەپارچەبووی یادەوەریم و

شوشەی لەهەزارلاوە شکاوی بیرکردنەوەم !

بەردەوام دەیگووت :

"سەفەر" یانی دانیشتن ،

لەکۆتایی فارگۆنی شەمەنەفەرێکدا ..

کەهەرگیز ،

بەخیابانەکانی ئومێدو

دەشتەکانی پێکەنین و

لاڕێکانی سەوزایدا ... تێناپەڕێ !

"عەشق" یانی تەواوکردنی ،

خەیاڵی پیاوێکی موعتاد ..

لەبەردەم ،

گڵۆپی سووری ترافیکێکدا !

ئەودەمەی ،

کەهاوکێشەی ڕۆیشتن و

هاوکێشەی وەستانی ،

لەگەڵ خۆیی و

لەگەڵ جادەو

لەگەڵ زەمەندا ... بۆ یەکلاناکرێتەوە !

"ژیان" یانی ،

وتنەوەی یەکەمین گۆرانی هەڵوەرین ..

لەپشت هەڵمی پەنجەرەکان و

لەبەردەم زەردبوونی باخچەکان و

لەژێر کشانی نەیزەکەکانەوە !

ئیتر دڵم ،

لەتۆو

لەدونیا ... دائەخەم و

تا دواپلەی مەستی و

بێهۆشیم ،

بیندەنێم بەم تەنهاییەمەوەو

بەوپەڕی ساکاریشمەوە ،

بیر ،

یان لەمردن !

یان لەفەنابوون ... دەکەمەوە !

ئیدی تۆش ،

تۆش ... ئەی خەونی بەجێماوو

تەواونەبووی من ... لەم سەرزەمینی ئاشووبەدا !

تۆش ... ئەی دڵی شکاوو

هەلاهەلابووی من ... لەم جەستە یەخسیرەدا !

تۆش ... ئەی ڕۆحی تۆراوو

بریندارى من ... لەم کەرنەڤاڵی پووچییەدا !

عادەت بەئاوازێکەوە بگرە ،

کەتەنهاییە !

عادەت بەتەنهاییەکەوە بگرە ،

کەجوانییە !

عادەت بەجوانییەکیشەوە بگرە ،

کەخۆکوژییە !

چونکە دڵنیام ،

تاگەیشتن بەتۆ ،

فرسەتێك نییە ، تاتیایدا بڵێم :

من ... ئاوازی تۆ بووم و

تۆش ... ئاوازی هیچ کەس !

ئیتر دڵم ،

لەتۆو

لەژیان ... دائەخەم !

گوێ شلکە ..،

ئیدی من کۆتا ئەبم و

بشمبەخشە ..،

گەر کۆتاییەکی ، لەپڕبێت !

مانگی (9-10)/2007

سلێمانی